# هەشتـــــــی مارس

## تریفە دۆسکی



هەشتی مارس هاتە بەر دەرگای شعرم

بەڵام دەرگاکەم داخستبوو

هێشتا لە خەونی ژنبوونی خۆمدا

بزرببووم

هیچ خەونێکی مەخمەلی بە مارس نابینم

باخچەکانی سنۆبەر و چنارەکانی جەستەم

بۆنی پیاوێکیان لێدێت کە ژنەکان پۆلین دەکات

تاکەی خەون بە کچێنی منەوە دەبینی و دەستەکانت بەرەو بەهەشت دەبەی

تا کەی لە ژنایەتی من دەترسێی؟

ناوێری نێزیکم بیت، نەوەک پیاوێک لە چاوانمدا ببینی، سەما دەکات

لە خەمی ژنایەتی مندا ببیە فرمێسک

**هەشتی مارس هیچم ناوێ**

**نە داوەتێک بۆ دواهەمین باخچەی سەفەری روحمان**

**نە گوڵێک کە بۆنی پرتەقالی لێبێت**

**تەنها و تەنها پیاوێک هەبێت**

**لە تەمەنی ژن نەترسێت**

**پیاوێک لە هەموو سەردەمەکان روحم داگیر بکات**

**پڕم کات لە ونبوون**

**پیاوێک ماچم بکات بێ ئەوەی بزانێت کە کچم یا ژنم یا بێوەژن؟**